کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:15 2007-6-9

## ئەو هێلکە عەرەبییەی لە میسر کراو لە کوردستان تروکا... سورە مەرگەیی

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی تا ئەمڕۆی لەگەڵدابێ، خەڵکی بەگومانەوە سەیری کردوون، ئەم گومانەش لەدوو لاینەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان ئەوە بووە کە یەکگرتووی ئیسلامی لە هەناوی ئیخوان موسلیمینی میسرەوە هەڵتۆقیوە، ئەو ئیخوانەی کە سەر لەبەریان هەڵگری ڤایرۆسی شۆڤێنیەت و عەرەب چێتین، بۆیە ناهەقیان نییە لە دیدگای عەرەبەوە لە کێشەی کورد بڕوانن و بەهەمان بیرکردنەوەش مامەڵە لەگەڵ دۆزە ڕەواکەی بکەن، دووەمیشیان ئەو دەوڵەمەندی و پارە زۆرە لەکوێ پەیدادەکەن بۆ قوتکردنەوەی ئەو هەموو مزگەوتانەی لەسەر شەقامە دیارو بەرچاوەکان، نەمانزانی ئەو مزگەوتانە مخابەرات پەرستیان تێدادەکرێ و هەرکاتێکیش پێویست بکا دەبنە بنەکەو بارەگای مخابەراتی داگیرکەرانی کوردستان.

بەشێك لەخەڵکی کوردستان لەنێوان ئەو گومانانە و میانڕەوی و هات و هاواری کوردایەتی لەلایەن سەرانی یەکگرتووی ئیسلامیەوە فریودراون و خزێندرانە ئەو زەلکاوە مخابەراتیەی کە یەکگرتووی ئیسلامی بنەما سیاسیی و ئیسلامیەکانی لەسەر هەڵچنیوە.

یەکگرتووی ئیسلامی دوای سیانزە ساڵ و لە ڕۆژی 29ی نیسانی ساڵی 2007دا سەری بە ماڵە باواندا کردەوەو گومان و دودڵی خەڵکی کوردستانیان گۆڕی بە و ڕاستیەی کە خۆشیان ناتوانن حاشای لێ بکەن. ئەوەی جێگای سەرنجە یەکگرتووی ئیسلامی لەماوەی ئەو سیانزە ساڵەی تەمەنیدا، ڕاسپاردەکانی مخابەراتی داگیرکەرانی کوردستانیان جێ بەجێ کردووە، ئەوە دەچێتە خانەی جاسوسی کردنەوە، چونکە هەموو کاێکی مخابەراتی بەر لەوەی کارێکی سیاسی بێ، کارێکی جاسووسی و نەفرەتلێکراوە، یەکگرتوو لەم ماوەیەدا لەگەڵ گورگ گۆشتی خواردووەو لەگەڵ مەڕ شینی کردووە، بەناوی خزمەتی ئیسلام و کوردایەتی گەنج و لاوی کوردی بۆ کۆڵکێشی مخابەرات ڕاهێناون، بۆیە پێویستە بەر لەوەی خەڵکی کوردستان هەڵویستیان لەدژ وەربگرێ، دەبێ ئەندام و لایەنگرانی خۆیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن.

لەم باسەدا پێویستە لەوەوە دەستپێبکەین هاوشان و هاوپەیمانانی یەکگرتووی ئیسلامی لەو بەناو بەرە سیاسیەدا کێن؟ ئەو بەناو بەرەسیاسیەی کە یەکگرتووی ئیسلامی تێیدا ئەندامە بۆچی دامەزراوەو خزمەتی کێ دەکا؟.

یەکگرتوو لەگەڵ ساڵح موتڵەگ بەرەی سیاسی پێکهێناوە، ئەو ساڵح موتڵەگەی بەدرێژایی تەمەنی مخابەراتی بەعس بوو، لەسەر ئەم بنیچنەیە چەندینی تر ئەم بەرەیە بە بەرەیەکی مخابەراتی دەزانم و ئامانجی مخابەراتیشی هەیە، لەدوای نەمانی بەعسیش گوتی: خۆزگە دەستمان بشکایە لەگەڵ کورد ڕێکنەکەوتبایەن. هەر گروپ و لایەنێکیش لەگەڵ ئەم زاتە مخابەراتیە بچێتە هەر بەرەیەکەوە، دەبێ بەوەش ڕازی بێ، لەبەرامبەر هەر ناوهێنانێکی کورد پێی بڵێ دەستت شکێ.

تورکیا بۆ دژایەتی کردنی کورد و مافە ڕەواکانی لە پیاوەکانی خۆیی و بەکرێگیراوانی (میت) بەرەیەکی پێکهێناوە، ئەو بەرە تورکمانیەی بەعەرەبکردنی کەرکوك بە ڕەوا دەزانێ و دژی گەڕانەوەشیەتی بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەوەتا یەکگرتووی ئیسلامی ئەو بەرەیە بەرفراوان دەکاو هاوشان لەگەڵ بەرەی تورکمانی یان ڕاستر بڵێین: بەرەی میتی تورکی، بەرەی بەرنگاربوونەوەی خواستەکانی کورد پێکدەهێنێ، دەبێ کەرکوکیەکان لەوە ئاگاداربن، ئەو بەرەسیاسیەی کە یەکگرتووی ئیسلامیش تێیدا ئەندامە، بەرەی ڕێگرە لەبەردەم گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، دەبێ کەرکوکیەکان بە یەکگرتووی ئیسلامی بڵێن: تۆگەڕایەوە باوەشە ڕەسەنەکەی خۆت کە ئیخوانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شۆڤێنیتەی عەرەبە، ئێمەش پیرۆزبایی لادانی ئەو چارشێوە مخابەراتیەت لێ دەکەین، لە ئێمەش گەڕێ بابگەڕێینەوە بۆ باوەشی ئەسڵی خۆمان کە کوردو کوردستانە.

یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی بەرەی سیاسی پێکهێناوە، دەبێ خەڵکی کوردستان ئەو راستیە بزانێ هەر بەرەیەك ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی و هاوشێوەکانی ئەوانی تێدابێ بەرەی ژیاندنەوەی بەعسە، یەکگرتوو بیەوێ و نەیەوێ، چۆتە بەرەی ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی کوردەوە، ئەگەر ئەو بەرەیەش سەرکوتوو بێ دەبێ کورد بۆ گێمی دووەمی ئەنفالکردن خۆی ئامادە بکات، کە یەکگرتووی ئیسلامی ئەندامێکی کارای ئەم تیپە دەبێ، کە گێمی دووەمی ئەنفالکردنی کورد بەڕێوەدەبات.

یەکگرتووی ئیسلامی کۆنووسی پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیی وا ژۆکردووە، کە لەخاڵی شەشەمی سیاسەتەکانی ئەم بەرەیەدا هاتووە (کارکردن بۆ ڕەتکردنەوە یان هەموارکردنی ئەو یاسایەنەی کە پاش داگیرکردن دەرچوون و هەروەها سەندنەوەی ناهەقیەکانیش، وەك یاسای ریشەکێشکردنی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق، هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ئاسایش، یاسای قەلاچۆکردنی تیرۆر ئەوەی زیانی گەیاندووە بەڕایەڵی کۆمەلایەتی عێراقی و دامەزراوەکانی دەوڵەت) .

پێش هەموو شتێك جێبەجێکردنی ئەم خاڵە، لەگەڕاندنەوەی بەعس زیاتر هیچ لێکدانەوەیەکی دی هەڵناگرێ، ێدام حوسێنیش لەگۆڕەکەیدا وەك گەورەترین پیرۆزی ئەو بەرەسیاسیە دەناسرێ، یەکگتووی ئیسلامی واژۆی لەسەر یاسایەك کردووە کە رووخانی بەعس رەتدەکاتەوە، ئەمەش شتێك نییە جگە لە پێداگرتن لەسەر گەڕانەوەی بەعس.

یەکگرتووی ئیسلامی داوادەکات کە ئەو ناحەقیانە بسەندرێنەوە کە لە رووخانی بەعسدا کراون، واتا رووخاندنی بەعس ناهەق بووە، ئەوەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە یەکگرتوو ئەنفالی کوردو کیمیابارانی کوردستانی پێ هەق بووە، گۆڕی بەکۆمەڵ و زیندەبەچاڵی خەڵکی کوردستانی پێ هەق بووە، حەجاج و سەگە رەشەکەی نوگرە سەلمان دادوەری زەمانە بوون و ئەو یاسایەیان جێ بەجێکردووە کە یەکگرتوو گەرمە شینی بۆ دابەستووە. بەو پێوەرەی کە یەکگرتوو سیاسەتی پێ دەپێوێ، هەرچی ئیخوانی شۆڤێنیەتی عەرەب بیلێ و بیکا هەقە و لەجێی خۆیدایە.

یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئەنفال بەهەق نازانێ و داوای گەڕاندنەوەی دەکات، ئەوەیە ئەشهەدو بیللای مخابەراتی!! ئەوەیە پادشت و نا بۆ (182000) هەزارئەنفالی ئەم کوردستانە!!

یەکگرتووی ئیسلامی هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ئاسایشی بەعس بە هەق نازانێ و لەناو ئەو بەرەسیاسیەدا جیهاد بۆ گەڕاندنەوەی دەکات، ئەوەیە نۆژەنکردنەوەی ئەمنەسورەکەی سلێمانی!! ئەوەیە ئامادەکردنەوەی کەرەستەی ئەشکەنجەخانەی هەیئەی کەرکوك!! ئەوەیە هەڵخستنەوەی پەت و سێدارەی ئەبوغرێب و موسڵ!!، دەبوایە خالچێکی تایبەتی کۆنووسی ئەو بەرە مخابەراتیە، ئازادکردنی عەلی کیمیایی بوایە، چونکە هەموو ئەوانە بەبێ عەلی کیمیایی جەستەیەکی وەك جەستەیەکی بێ گیانن و کارپێکردنیان هەر لەخۆی دەوەشێتەوە.

خۆزگە جەنابی سەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کەواژۆتان دەکرد بەعس ریشەکێش نەکرێ، سوپای ئەنفال بگەڕێتەوە، دەزگای ئاسایش بۆ هەڵکوتانی ئەوانی بەرمالان زیندوبکرێنەوە، بۆ ئەوەی بەچاوو رویەکی کوردانەوە سەرە کوردستاندا بکەنەوە. خلێك لەو کۆنووسە بۆ جینۆسایدکردنی کورد تەرخان کرابا، ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەتاوان دادنرابان.. بەڵام دڵنیام داوای شتی واتان کردبا (ساڵح

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

موتڵەگ و ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی و بەرەی میتی تورکی) بەگۆڕی ێەدام حوسێن و کەمال ئەتاتورك سوێندیان دەخواردو وەدەریان دەنان و لەو سەروەریەیان بێبەش دەکردن کە ئەو بەرەیە بۆکوردیان دەستەبەر دەکا و نەیان دەهێشت بن خۆتان گەرم دابێنن.

لەبەندی نۆیەمی سیاسەتەکانی هەمان بەردا هاتووە (ڕێگرتن لە هەموو جۆرەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لەکارو باری عێراقدا) کە بەبڕوای من ئەم بەندەیان هیچ ڕێگرتن نییە لە دەستێوەردانی کارو باری عیراق، بەڵکو ڕێگە گرتنە لە دەستێوەردانی کاروباری بەعسیەکان، خودی ئەم بەرەیە بە فیتی دەرەکی و دەست لەپشدانی مخابەراتی ئەملاو ئەولا دامەزراوە، ئەوە دەرگا والآکردنەوەیە بەڕووی مخابەراتی دوژمناندا بۆ ئەوەی بە ئارەزوی خۆیان تەراتێن لەعێراقدا بکەن. بەرەی تورکمانی لەناو ئەو بەرەیەدایە و مەبەستی تەختکردنی کۆسپەکانی بەردەم تورکیایە لەکاتی هێرشکردنیدا بۆسەر باشوری کوردستان، بۆ ئەوەی هەرچی بە خەبات و قوربانیدانی دەیان ساڵە و خوێنی هەرزاران شەهید بەدەستمان هێناوە بەگەرووی میتی تورکیدا بکا و کرمی شۆڤێنیەتی تورکی پێ دابمرکێنێتەوە.

ساڵح موتڵەگ و ئەرشەد زێباری و جەوهەر هەرکی لە ئاخوڕی بەعسدا لەوەڕاون، ناهەقیان نییە بۆ بەرەیەکی لەو شێوەیە هەوڵ بدەن و بەعس بگێڕنەوە سەر کورسیە خوێناویەکەیان، بەرەی تورکمانیش لەوەتەی هەیە لە ئاخوڕی میتی تورکیدا دەلەوەڕێ، ئەویش ناهەقی نییە لەو بەرەیەدا نوێنەرایەتی تورکیا بکا و لەسەر حسابی ئەزموونی کوردستان ئارەزوە سیاسیەکانی دەستەبەر بکات، ئێوەش نوێنەرایەتی ئیخوانی شۆڤێنیەتی عەرەب دەکەن، بۆیە دەبێ کورد، چەندی لە بەرەی میتی تورك و ساڵح موتڵەگی کۆنە مخابراتی بەعس و ئەرشەدو جەوهەری کۆنە جاش دەترسێ، دەبێ هێندەش لە ئێوەی یەکگرتووی ئیخوان شۆڤێنیەتی عەرەب بترسێ.

لەوە دڵنیام ئەم بەرە سیاسیەی داتان مەزراندووە، تێڕوانینتان بۆ ڕووداو پێشهاتەکانی عیراق و کوردستان وەك تێڕوانینی ساڵح موتڵەگ و بەرەی تورکمانی و ئەرشەد زوێباری و جەوهەر هەرکی بووە، بەڵام لەوە دڵنیا نیم بۆ ڕێزلێنان لە گیانی سەرکردەی خنکێندراو (ێەدام) ی گۆڕبەگۆڕ، وەك ئەوان هەستاونەتە سەرپێ و فاتیحاتان بۆی هەدیە کردووە یان نا، تکایە لەم بارەیەوە دڵنیاییەك بدەن بە ئەنفالە بێنازەکان و زەهرخواردوەکانی هەڵەبجە و ئافرەتە ڕەشپۆشە بارزانیەکان، کە لە چاوەڕوانی شەوانی بێ ئومێدیدا ڕۆژ دەکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.